# منیش هاوڕام
## لەگەڵ مەلا بەختیار و عومەر فەتاح

ناڕەزایەتیەکانی خەڵکی هەڵەبجە لە 16 ـ 3 ـ 2006 دا بەیەکجاری دەسەڵاتدارانی ناڕەحەت و هەناسە سوار کرد , دەسەڵاتداران بە جۆرێك شپرزە بووبوون لەو نەخۆشە ئەچون کە بەبێ بەنج دانیان دەرهێنابێت . ناڕەحەتی و شپرزەی دەسەڵاتداران لەناڕەزایەتیەکانی خەڵکی هەڵەبجە بە ڕەئی من دوو هۆکاری هەیە , یەکەمیان ناڕەزایەتی لە دنیای واقیعدا بەمانای ئیرادەدێت و نیشانەی ناڕەزایەتی خەڵکە لەدەسەڵات و هەوڵێکە بۆ بەشداری ڕاستەوخۆ لە بەڕێوەبردنی خۆو کۆمەڵگادا , دووەم دەسەڵات بە هیچ جۆرێك نایەوێت چاکسازی لەژیانی ڕۆژانەی خەڵکیدا بکات بۆیە ئەم ناڕەزایەتیانە فشار دەهێنێت بۆ دەسەڵات ئەگەر فریودان خۆڵ کردنە چاویش بێت برێك لەو سەرمایەی کەڵەکەی کردووە سەرفی بکات .

من لەجێگای تر باسی ناڕەزایەتیەکانی خەڵکی هەڵەبجەو ڕووداوەکانی 16 ـ 3 ـ 2006 م کردووە ئێستا بە پێوویستی نازانم جارێکی تر بچمەوە سەری , بەڵام ئەوەی ئێستا حەز ئەکەم قسەی لەسەر بکەم و تیشك بخەمە سەری چەندین لێدوان , ڕاگەیاندن , چاوپێکەوتنی " مەلا بەختیار و عومەر فەتاح " ە کە لەسەر ناڕەزایەتیەکانی خەڵکی هەڵەبجە ئەنجامیانداوە , ئەڵبەت هەدوو ئەم بەرپرسە حەکیمانە خەریکن بەناوی سووتاندنی یادگاری هەڵەبجەو جێگا نزرگای شەهیدان ڕووی واقیعی قسەکانیان دادەپۆشن , بەڵام بە شێوە گشتیەکەی قسەکانیان هەڕەشەیەلە ناڕەزایەتی و ئیرادە نواندنی خەڵکی هەڵەبجە ئەم دوو بەرپرسە لە تەواوی قسەکانیاندا لە هەموو جێگاو بۆنەکاندا ئەوە دووبارە دەکەنەوە کە ئەم ناڕەزایەتی و ڕووداوانەی هەڵەبجە دەستێك ئەوەتا لە پشتیەوە .

ئەوەی کە من هاوڕا دەکات لە گەڵ قسەکانی " مەلا بەختیار و عومەر فەتاح "بوونی ئەو دەستەیە, بەڵام خیلافی من بە قسەکانی ئەوان لەوێوە دەست پێدەکات کە , ئایا ئەو دەستە چیە کەلەپشت ناڕەزایەتیەکانی خەڵکی هەڵەبجەوەن ؟

من دەڵێم نەك یەك دەست بەڵکو چەندین دەست لە پشتی ڕووداو ناڕەزایەتیەکانی خەڵکی هەڵەبجەوە هەن , بەڵام ئەو دەستانەی من و خەڵکی هەڵەبجە دەیانزانین ئەوە نیە کە " مەلا بەختیار و عومەر فەتاح " باسیان دەکەن و بە گوێی خەڵکیدا دەدەن .

هەمیشە دەسەڵاتداران بۆ بەرژەوەندی خۆیان خەریکن ناو شیکار و لێکدانەوەی جۆراو جۆر دەهێنن بۆ ڕووداو بەسەرهاتەکان , لەم بارەوە ئەزمونێکی دەوڵەمەندیان ناوەتە پشت سەری خۆیان , بۆ نموونە حکوومەتی شەرعی و حکوومەتی ناشەرعی, ئیسلامی ڕەسەن و ئیسلامی ناڕەسەن , سەرۆکی پەرلەمان و پەرلەمانی داگیرکراو ئەمەو چەندین جۆری تر لەپۆڵین کردن و دابەش کردنی ڕووداوەکان بە بەرژەوەندی دەسەڵاتداران خۆیان .

بۆیە ئەمرۆش دەسەڵاتداران لە بەرانبەر ناڕەزایەتیەکانی خەڵکی هەڵەبجەدا چەندین جۆر قسەو دەستی نادیار بە ڕووی خەڵکیدا دەدەن , کە گوایە دەستی ئاژاوە , گێرەشێوێن , تیرۆریست , ناحەز , دەستی دەرەکی , دوژمنی گەل , نەیاری شەهیدان , تەنانەت کار بەوە گەشت بەو تیرۆریستانە چوێنران کە لە فەلوجە قەتڵ و عامی خەڵك دەکەن .

بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت هیچ یەکێك لەو دەستانەی کە دەسەڵات باسی دەکات نە شاراوەیە نە ئەوەیە کە ئەوان ڕیزی دەکەن , بەڵکو ئەو دەستانەی لەپشتی خەڵکی هەڵەبجەوەن زۆر ئاشکران , ڕۆژانە بە ژیان و گوزەرانیان ئەو دەستانە نیشان دەدەن , دەستی نەبوونی, دەستی برسیەتی , دەستی کاولکاری , دەستی قوڕاو چڵپاوی کۆڵان و گەڕەکەکان , دەستی ئازار و برینی سارێژ نەبوو , دەستی ژیان لە ماڵی تەنەکەو چینکۆ , دەستی نەبوونی ئاو کارەبا , دەستی پیرۆز ڕاگرتنی مردوو پشت گوێ خستنی زیندووەکان , دەستی ڕازی کردنی کەمێکی مشەخۆر بۆ خەڵەتاندنی زۆرێکی مەحروم .

ئەمەیە واقیعەتی شەڕی دەستەکانی دەسەڵات و دەستەکانی پشتی ناڕەزایەتیەکانی خەڵکی هەڵەبجە, بۆیە جارێکی تر دەڵێم هاوڕام لەگەڵ قسەکانی " مەلا بەختیار و عومەر فەتاح " کە دەست هەیە لە پشتی ناڕەزایەتیەکانی خەڵکی هەڵەبجە , بەڵام موخالیفم بە دیاری کردنی جۆری دەستەکە .

خەڵکی هەڵەبجە یەکە یەکە دەستان دەگووشم

هیدایەت مەلا عەلی
hidayat_malaali@yahoo.com